# باڵندەی کامەرانی
# سەرەتایەکی گەشبین و کۆتاییەکی ڕەشبین

موحسین محەمەد

لە هەر یاخیبوونێک ناپاکێک هەیە، لە کۆتاییدا هەموو شتێک وێران دەکات، ئەمە بیرۆکەی سەرەکی شانۆگەریی باڵندەی کامەرانی بوو، لە نووسین و دەرهێنانی شوان کەریم. شانۆگەرییەکە گوتارێکی سیاسی بوو، وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئەمڕۆ کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ. بەرهەمەکە بەر لە نمایش، بە ناوونیشانێکی گەشبین خۆی دەناسێنێ، بە گەمەیەکی ڕەشبینی شانۆیی کۆتایی دێ. لە کەشی گشتی ئەو جۆرە دەقانەدا، ئەگەر هەیە شانۆگەرییەکە بە دروشم و دەمودووی سیاسی و چیرۆکێکی سادە دوایی بێ، ئەمە ئەو بیناسازییە شانۆییە بوو، کە دەرهێنەر نەخشەی بۆ کێشابوو.

لە ماوەی بیست خولەکی یەکەمی شانۆگەرییەکەدا، دەمودووی بێ مانای نوێنەرانی گەل، هیچ چیرۆکێکی نەخستە ڕوو. لە ڕیتمێکی ئەوهادا، ململانێی شانۆگەرییەکە ناچێتە پێش، بینەر وەڕس دەبێ ئەگەر ڕووداوێک، یان بازدانێک ڕوونەدات. لە هەنگاوەکانی دەرکەوتنی ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە، بینەر پێشبینی شتی لەناکاو ناکات.

دەرهێنەر زەمینەی چاوەڕوانی ڕووداوی لەناکاوی نەڕەخساند. ئەوەی کە ڕووی دەدا زۆرتر گەمەیەکی شانۆیی بوو، نەک گێڕانەوەی چیرۆکی کەسێک لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزی سیاسیدا. نووسەر و دەرهێنەر درکی بە پێویستیی ئەو بیناسازییە کردبوو، باوک و کوڕی هێنا بۆ کردنەوەی دەرگە بەسەر ململانێی کۆن و نوێدا. باوک نەریتپارێزە، خزمەتکاری بەرپرسەکەیەتی، بەهەمان هەناسە کوڕەکەی لە شوێنی خۆی دادەمەزرێنێ و ئامۆژگاری دەکات، ئەگەر پێویست بوو دەستی ماچ بکات. خێرایی هەڵگەڕانەوەی کوڕە گەنجەکەو سەرکردایەتیکردنی یاخیبوون، دروستکاریی بوو. ڕیزکردنی کۆمەڵێک ڕووداو بەدوای یەکدا، بەدەر لە حەتمییەتی ڕووداوی درامی، دروستکارییەکەی ئاشکرا کرد.

لە درامای ڕەسەندا، ڕووداوەکان لە هەناوی یەکدا دێنە دەرەوە و دەرفەتی کورتکردنەوەو پاش و پێشکردن نادات. برتۆڵد برێخت ئەمەی دەزانی، بۆیە لە شانۆ داستانییەکەیدا، کە نادرامییە، پچڕان و بەیەک بەستنەوە هەیە. لە (باڵندەی کامەرانی)دا لەلایەک دیواری چوارەم هەبوو، هیچ

شتێک بە ڕاستەوخۆ ڕووی لە بینەران نەبوو، ئەوەی کە ڕووی لە بینەرانیش بوو، دەکرێ بڵێین کامێرا بوو، کۆبوونەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی دەگواستەوە. لەلایەکی دیکەوە، دیوارەکە نەبوو. ئەکتەرەکان هەوڵیان دەدا بە جۆرێک لە تەنز بچنە ناو کارەکتەرەکانیان. لە دواندنە سیاسییە پچڕپچڕەکاندا، بەتایبەتی دواندنی با بێینە سەر ڕقی خەڵک. وەک گەمەیەکی شانۆیی، خەیاڵی بوونی دیوارەکەی نەهێشت. پێویستی چەپڵەی جەماوەریش کە دەرهێنەر بەر لە نمایش بینەری بۆ چەپڵەلێدان ورووژاند، پەیامی پێشەکی نەبوونی دیوارەکەی ڕاگەیاند. لە ئاخاوتنی نابەجێی نوێنەران و زەمینەسازی بۆ دەرخستنی جیاوازی چینایەتی و ململانێی چینایەتی، دەرهێنەر بۆ یاخیبوون ختووکەی بینەری دەدا.

لە گەمە شانۆییەکەدا، کۆمەڵە گەنجێکی یاخیبوو بەسەر ئەنجوومەنەکەدا دەدەن و نوینەران دەکەنە بارمتە. لەناو یارییەکەدا تەنیا ئاماژەی گرێی دوو کارەکتەر وەک نوێنەری دوو چینی جیاواز دەردەکەوتن، ئەوانیش باوک و کوڕەکەی بوون. باوک نەوەی پارێزەری نەریتە، نایەوێ هیچ گۆڕانکارییەک لەنێوان دەسەڵات و گەلدا ڕووبدات، بە پێچەوانەوە ئارما کوڕە گەنجەکەی، کە لە ژیان نائومێدە و، بووە بە سەردەستەی یاخیبووان، نایەوێ چیرۆکی باوکی دووبارە بکاتەوە، ئەگەر پێوست بێ دەستی بەرپرسەکەی ماچ بکات، بەڵکوو دەیەوێ لەناوی ببات. باوکی دێتە ناو یارییەکەو دەیەوێ کۆتایی بە یاخیبوونەکە بێنێ، ژیان وەک خۆی بەردەوام بێ. ئارمای کوڕی ئەو چارەنووسە ڕەت دەکاتەوە، لەسەر گۆڕانکاریی و ئەنجامی باشی یاخیبوونەکەیان پێداگیری دەکات. لەم دیمەنەدا یەکسەر زەینمان بۆ قەشە یانارۆس و کوڕەکەی دەچێ، لە ڕۆمانی (براکوژی)ی کازنتزاکی -دا. وەک بیناسازییەکی



درامی لە بابەتی زانین و نەزانین و ئاشکرابوون، لە کۆتاییدا دەردەکەوێ، کە باوکەکە ناپاک نەبوو، وەک ئەوەی ئارما پێشبینی بۆ کردبوو. جیاوازییەکە لێرەدایە، ئارما وەک کوڕەکەی براکوژی، باوکی خۆی دەکاتە قوربانی، بەڵام باوک ناپاکەکە نەبوو، کە دەرگەی بەسەر دەسەڵاتدا کردەوە بۆ ئەوەی یاخیبوونەکە پووچەڵ بکاتەوە. بە پێچەوانەی ڕۆمانەکە، گەنجێکی یاخیبووی هاوڕێی خۆیان بوو، لەژێر باوەڕی پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمان، دەرگەی لەسەر دەسەڵات کردەوە، بۆ ئەوەی هاوڕێیەکانی خۆی لەناو ببات و یاخیبوونەکە پووچەڵ بکاتەوە. بینەر دوای پێشەکی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە، دەزانێ ئارما و هاوڕێکانی سەر بە نەوەی جیاوازی چینایەتین، کە گەنجەکەش خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوەی دەرگەکەی کردەوە، دەزانین سەر بە چینی سەرەوی کۆمەڵگەکەیە. بێگومان لە ئەنجامی هەبوونی جیاوازیی چینایەتی، ململانێی چینایەتی سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات، دواجار ململانێیەکە دەبێتە یاخیبوون و شۆڕش. بیرۆکەی شانۆگەرییەکە لە بنەڕەتدا لە دۆخی درامی ناپاکی لە نیشتمان، سوودی وەرگرتووە، بەڵام بە داڕشتنێکی دیکە.

ڕەگی هەردوو کارەکتەرەکە باوک و کوڕ، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیار نییە، ئەوان کێن؟

خەڵکی کوێن؟ بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە ڕوونە، ئەوان ئەگەرچی کوڕ و باوکن، بەڵام سەر بە دوو بەرەی سیاسی جیاوازن، نەریت پارێز و نوێخواز. لە بیناسازی شانۆگەرییەکەدا لاوازی هەیە، کارەکتەرێک بیناسازییەکەی قووڵ و تۆکمە نەبێ، چۆن دەتوانێ ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگە بگۆڕێ!. بێگومان شکستی یاخیبوونەکە، دەرئەنجامی ئەو لاوازییەی قارەمانی شانۆگەرییەکە بوو، کە زۆر بە ئاسانی گرەوەکەی دۆڕاند. ئارما کە قارەمانەکە بوو نەیتوانی وەک باڵندەیەک بەرەو ئامانجەکەی بفڕێ، بە شەرابی ژەهراوی و ناپاکی هاوڕێکەی گیانی سپارد. باڵندەیەک نەفڕێ بەختەوەر نابێ. پەیامی شانۆگەرییەکە، واتە بیرۆکەی سەرەکی (لە هەر یاخیبوونێک ناپاکێک خۆی حەشارداوە، لە کۆتاییدا هەموو شتێک وێران دەکات). لە شانۆگەرییەکەدا چیرۆکێکی پتەوی قارەمانێک نابینرێ، بەڵکوو ئەوەی بینرا خەونێکی هەرزەکارانەی کۆمەڵە گەنجێک بوو، ویستیان واقع بگۆڕن، بەڵام زۆر بە ئاسانی بەسەریاندا ڕووخا. هاتنە ژوورەوەی خواردنەوە بۆ ناو یاخیبووەکان، پێشبینی ژەهرخواردنەوە دەکرێ. ئاهەنگگێڕان بە سەرکەوتن و خواردنەوەی شەرابی ژەهراوی و مردنی یەک بەدوای یەکی گەنجە یاخیبووەکان، پەردەی لەسەر سادەیی و ساویلکەیی گەنجەکان هەڵدایەوە. بۆ ناوونیشانەکە دەگەڕێینەوە، باڵندەی کامەرانی وەک دەربڕینێکی گەشبین و کۆتاییە ڕەشبینەکە، مردنی هەموویان و ناپاکی هاوڕێکەیان. بەپێی ئەو گەمە شانۆییە، نووسەر و دەرهێنەر لە دۆخی سیاسیی کوردستان تەواو نائومێد بووە، ئەمەش لایەنی هەرە نێگەتیڤی شانۆگەرییەکە بوو. نووسەر، یان هونەرمەند، کە دۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی دەخاتەڕوو، ئەگەر ڕوانینی باشی بۆ ژیان نەبوو، دەتوانێ بە ڕوانینی



فەلسەفی قەرەبووی بکاتەوە. بە دیدی من ئەو تێبینییانە بوون ژمارەی بینەرانی دەرهێنەر، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی پێشووی (دواڕۆژەکانی بابلۆ) زۆر دابەزاند، باڵندەی کامەرانی لە هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر، تەنیا حەڤدە ڕۆژ نمایش کرا، بە بەراورد لەگەڵ هۆڵی میدیا، کە سی و حەفت ڕۆژ بابلۆی تێدا نمایش کرا، باڵندەکە بەختەوەر نەبوو، نەیتوانی بفڕێ، تەنیا هەشت ڕۆژ ژیا.

**تێبینی:**

**نمایشی تایبەت، لە ٢٥ /٢٠٢٥/٩ نیشان درا.**